سەید حەکیم: ڕکابەری ئابووری پێشینەی کارەکانی ئەو قۆناغەیە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی نیشتمان پێشوازی لە بەڕێز شێخ ئەحمەد ریشە سەرۆکی کۆنگرەی سەحوەی عێراق کرد و لەم دیدارە باسی پێشهاتەکانی قۆناغی ئێستای ولات و ناوچەکە کرا لەگەڵ ئەو ڕکابەریانەی دەوری عێراقی داوە لەم ماوەیەدا، سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ڕیکخستنی ڕیزەکان و هەوڵەکان بۆ تێپەڕبوونی ڕکابەرییەکان و داوای کرد لە گوتاری تایفی و توند دوور بکەونەوە و بەرژەوەندی گشتی بەسەر تایبەت باڵادەست بکەن.

سەید ڕوونیکردەوەش کە ڕکابەری ئابووری لەسەرووی پێشینەکان دێت و داوای کرد هەلەکان بقۆزنەوە بۆ فرەکردنی ئابووری و زیاد کردنی دەروازەکان بۆ هەناردەکردنی نەوت وگوتی عیراق ولاتێکی بەتوانایە و ئێستا لە قەیڕانێکی دارایی دایە بەهۆی ڕوو داوەکانی ناوچەکە و پاشەکشەکردنی هەناردەی نەوتی و جەختی لەوە کردەوەش کە ئەو شتە لە دەرەوەی ئیرادەیە.